# سیاسەت و هزری سیاسی لە کلتوری مەعریفەی شارستانیەتی ئیسلامی لەسەردەمی عەبباسیدا

د.زریان سالار حەمەعارف

زانكۆی سلێمانی

بەشی شوێنەوار

**پێشدەست :**

هزرڤان و بیریار و فەیلەسوفانی مسوڵمان لەدانراوە مێژووییە فیکری و فەلسەفی و زمانەوانی و فیقهی و ئامۆژگاریی و تەنانەت ئەدەبیەکانیشیاندا، لەسەردەمە جیاوازەکانی خەلافەتی عەبباسی کە سەردەمی بوژاندنەوەی فیکر و وەرچەرخانی هزر و دەرکەوتنی شارستانیەتی ئیسلامی و سەردەمی زێڕینی چەمکە فرە ماناکانی ژیانە لەو شارستانیەتە، کەم تا زۆر هەستیان بەگرنگی هزری سیاسەت کردووە بۆ پێشخستنی کۆمەڵگەو خزمەتکردنی، هەروەها لە پێناو فراوانترکردن و پێشخستنی زیاتری مەودا و دیاردەی دینداری و ڕێگریکردن لەو بەربەستانەی کە بەهۆی تێپەڕبوونی ڕۆژگار و لە هەلاوێرەکانی ژیان کە ڕووبەڕووی دین و کۆمەڵگە دەبێتەوە لە ڕوانگەی پێشەوایەتی کردنی مسوڵمانان و مافەکانی حاکم و مەحکوم و ڕەعیەت و دەسەلاتدار چەندین بابەتی تری فرەچەشنی پەیوەندیدار، زاراوە و بیری سیاسەتیان لە شارستانیەتی ئیسلامی داهێناوە، ئەمەش بە سوود وەرگرتن و کاریگەربوون بە بیریار و فەیلەسوفانی گەلانی تری خاوەن شارستانیەتی وەك یۆنان و ئێرانیەکان و هندیەکان، کە لەنووسراوەکانیان بەناوهێنانیان ئەم ڕاستیەیان ڕۆشنکردۆتەوە .

لێرەوەیە گرنگی ئەو بابەتەی ئێمە دەردەکەوێت کە هەوڵدەدەین پوخت و دروست لە زاراوە و تێگەیشتنی مەفهومی سیاسەت بدوێین لە بیر و هزری ئەو نووسەرانەی کە لەسەردەمە جیاوازەکانی ئیسلامیدا بەتایبەتی لەچەرخی زێڕینی خەلافەت و دەسەڵاتی ئیسلامی عەبباسیەکان ژیاون، لەوانیشەوە مەفهوم و تێگەیشتن لە چەمکی سیاسەت لەو سەردەم ڕوون بکەینەوە، گرنگی ئەم بابەتە لەوێدایە کە گۆشەنیگای ئیسلامیمان بۆدەردەخات بۆ زاراوە و وشەی سیاسەت و ئاستی کاریگەری ئەم بۆچوون و تەرحە نوێیانەش لە دیرۆکی سیاسی خەلافەتی ئیسلامی بەتایبەتی سەردەمی عەباسیەکان .

لەخوارەوە هەوڵدەدەین سەرەتا لە زاراوەی سیاسەت بدوێین لە دیدی زمانەوانانی شارستانیەتی ئیسلامی سەردەمی باسەکەمان و پاشان مانای سیاسەت شیکار دەکەین لە تێڕوانینی هزری ئیسلامی بەپێی بیریارانی سەردەمی لێکۆڵینەوەکەمان، پاشان چەمکی ئیمامەت وەك چەمکێکی گرنگی شارستانیەتی ئیسلامی شیکار دەکەین و هەورەها پەیوەندی سیاسەت و فەلسەفە بەیکدیەوە ڕووندەکەینەوە لە دیدی فەیلەسوفانی ئیسلام و بەیانی کاریگەری هزری بێگانەو دەرەکیش دەکەین لەسەر بیرکردنەوەی ئیسلامی سەبارەت بەم چەمکە.

**تەوەری یەکەم : سیاسەت لە ڕووی زمانەوانی و زاراوەوە لە مەعریفەی شارستانیەتی ئیسلامی:**

**١- لەڕووی زمانەوانیەوە :**

کاتێك دەچینە نێو ئەو فەرهەنگە زمانەوانیانەی کە خاوەنەکانیان لەسەردەمی عەبباسیەکاندا ژیاون دەبینین ئەو نووسەرانە هەوڵیانداوە کە شیکارو ڕاڤەی وشەی (سیاسەت)بکەن[(١)]، ئەمەش واتای ئەوەیە کە ئەم وشەیە لەو سەردەم ناسراو بووە و هەروەها لەنێو زمانی عەرەبی وەك زاراوەیەکی ناسراو و دیار بەکارهاتووە، کە زۆرینەیان لەسەر ئەوە کۆکن کە بنەڕەتی وشەکە لەزمانی عەرەبی کە زمانی شارستانیەتی ئیسلامە، دەگەڕێتەوە بۆ (سوس - السوس یان یسوس - الیسوس)، کە ئەمیش بەواتای سروشت و دەسەڵات و ڕێبەری کردن و ڕێکخستنی کاروباری خەڵکی و بەدەمەوە بوونی کاروبارەکانیان و سەرکردایەتی دێت، بۆزیاتر ڕوون بوونەوەی ئەو بابەتە هەوڵدەدەین نمونەی چەند فەرهەنگێك وەربگرین .

الزمخشري (م.٥٣٨ك/١١٤٣ز) دەڵێت : "ئەگەر کەسێك کۆمەڵێك ئاژەڵ ڕێکبخات پێی دەگوترێت (یسوس)یان دەکات واتە ڕێکیان دەخات، یان دەگوترێت ئەو کەسە (ساستها) واتە کاروباریان ڕێکدەخات یان (سواسها) بەهەمان واتا، هەروەها ڕێز و کەرەم لە سوسەوەیە، چوونکە سیاسەت بەپێی ئەوکەسە دەگۆڕێت کە ڕێکخەرە، بۆیە دەگوترێت ڕێکخەر (سوس) چۆن بێت سروشتی ڕەعیەتیش بەو شێوەیە دەبێت، لە ڕووی مجازیشەوە دەگوترێت : والی (یسوس)ی ڕەعیەتەکەی دەکات و (یسوس)ی کارو باریان دەکات و تەواوی کاروبارەکانی تریان (یسوس) دەکات، یان وتراوە فلان کەس (سوس)ی کاروباری قەومەکەی دەکات((٢))" . بەپێی ئەم شیکارە بێت کە بنەڕەتی وشەکە (سوس)ەیە دەبێت کەسی سیاسەتمەدار کاتێك سیاسەت دەکات پێویستە خزمەت گوزاری خەڵکی بێت لەخەمی کاروبارەکانیان بێت، پێویستە هەروەك شوانێك چۆن بەتەنگ مەڕو ماڵاتەکەیەتی ئەویش بەوجۆرەبێت، کە هەر ئەمەش دواجار گۆشەنیگای ئیسلام و بنەڕەتی کاری سیاسیە تێیدا .... بۆیە هەر بەم مانایەوە وشەکە زیاتر لەلای ابن منظور (م.٧١١ك / ١٣١١زِ) ڕوون دەبێتەوە و دەڵێت : "السوس : واتە سەرکردایەتی کردن، دەگوترێت ئەوکەسە (ساسوهم سوسا) واتە سەرکردایەتیان دەکات، وەکاتێك بیکەنە سەرکردەو سەرکردایەتی بدەنێ دەڵێن : (سوسوه و أساسوه)، یان دەگوترێت ئەو کارو بارەکان ساس دەکات و سیاسەتیش واتە بەو کارە هەستا، وە پیاوێك کاتێك ساس دەکات لە قەومێکداو سواس یان دەکات واتە ڕێکیان دەخات، هەروەها گۆرانی دەوترێت و دەوترێت :

سادة قادة لكل جميع ساسة للرجال يوم القتال

کەلەم دێڕە هۆنراوەیەدا بەواتای ئازایەتی و قارەمانێتی دەگەیەنێت، یان دەگوترێت ئەوکەسە (سوسه القوم) : واتە ئەو قەومە کردویانەتە ڕێبەریان کاروباریان داوەتێ کە (یسوس)یان بکات، یان دەگوترێت فلانەکەس (سوس) کاروباری بنی فلانی وەرگرتووە، واتە سیاسەتیانی پێسپێردراوە، هەروەك لە فەرمودەشدا هاتووە کە

[(١)] ئەوەی جێگەی تێڕامانە لە ئێستادا سەرجەم فەرهەنگە نوێ و هاوچەرخەکان بەتایبەتی وڵاتانی ئیسلامی هیچیان لەوە نادوێن کە سیاسەت لە دیدگای هزری ئیسلامیەوە ماناو واتای چیە، یاخود ناچنەوە سەر ئەم فەرهەنگە کۆنانەو بەتەواوی پشت دەبەستن بە تێڕوانین و فیکری ڕۆژئاوایی بۆ سیاسەت بەجۆرێك کە وەها دێتە بەرچاو ئەم زاراوەیە زاراوەیەکی نوێیەو لە سەردەمی نوێ و لە ڕۆژئاواوە داهاتووە لەکاتێکدا هزرڤان و بیریارانی مسوڵمان نزیکەی هەزار ساڵ بەر لە ئێستا لەو زاراوەیە دواون ولە فەرهەنگەکانیاندا ئاماژەیان بۆکردووە .

[(٢)] أساس البلاغة، الهيئة المصرية العامة للطبع، ط١(القاهرة : ١٩٨٥م)، باب السين (السين مع الواو)، ص٤٦٦ .

دەفەرمویت : (كان بنو اسرائيل يسوسهم أنبياؤهم) واتە بەنی ئیسرائیلیەکان لەلایەن پێغەمبەرەکانیان (س.خ) بەڕێوەدەبران، بەڕێوەبردوون، کە بەواتای فەرمان ڕەوایەتیکردنیش دێت، ولایەتیش بە ڕەعیەتەوە دەبێت، سیاسەتیش واتە هەستان بەئەنجامدانی شتێك کە لەبەرژەوەندیانە، لەبارەی فعلی السائس دەگوترێت : ئەو ئاژەڵەکان ڕێکدەخات (یسوس)یان دەکات، کاتێك چاودێریان دەکات و بەتەنگیانەوەیە – (والی)ش یسوسی ڕەعیەتەکەی دەکات([٣])" .

بەڵام لەلای فیروز آبادي (م.٨١٧ك / ١٤١٤ز) ماناکە زیاتر فراوان دەبێت و بەواتای فرمان کردن و ڕێگری کردن دێت (الأمر و النهي) دەڵێت :"سیاسەت بەواتای ئەوەی کە کەسێك بڵێت سست الرعية سياسة واتە بەسیاسەت ئەو ڕەعیەتەم بەڕێوەدەبرد : فرمانم پێکردن ڕێگریم لێکردن([٤])" .

بەم جۆرە دەبینین کە فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبی هەوڵیانداوە کە سەرەتاو ڕەگی بابەتەکە شیکاربکەن و ڕاڤەی وشەکەش بکەن بەپێی ماناو ڕەنگدانەوەکانی سەردەمی خۆیان شیکاری بکەن، لەو ڕێگەیەشەوە بەفەرمانڕەوایانی سەردەمی خۆشیان بڵێن کە پێویستە کەسێك کە مەبستی لە کارو باری سیاسی کردنە دەبێت هەروەك پێغەمبەران وابێت (س.خ)، بتوانێت مامەڵە بکات لەگەڵ ڕەعیەت و ژێردەستەکانیدا سیاسەت بریتی نیە لە بەرژەوەندی تاکەکەسی دەسەڵات بەڵکو خزمەتی ڕەعیەتە .

**٢- لە ڕووی زاراوەو تێگەیشتنەوە :**

کۆمەڵێك بیریار و فەقیە و نووسەر و هزرڤانی سەردەمی عەبباسی هەوڵیانداوە لە ڕوانگەی تێگەیشتنی خۆیان شیکار و پێناسەی سیاسەت بکەن، و ئەم زاراوەیە هەڵبسەنگێنن، ماناکانی بخەنە ڕوو لەڕوانگەی تێگەیشتنی خۆیان یان بە پشت بەستن بەزانیاریەکان، نمونەی ئەو نووسینانەش لەسەردەمی عەبباسی کە شیکاری ئەو بابەتەیانکردووە گەلێك زۆرە بەڵام دیارترینیان دەتوانین ئاماژە بەچەند بیریارێك بدەین .

شهاب الدين بن ابي الربيع (م.٢٢٧ك / ٨٤٢ز) کە یەکێکە لەو کەسانەی خوێندنەوەیەکی زۆر فراوانی کردووە بۆ نووسراوەکانی پێشین لە شارستانیەتەکانی تر زۆرێکی لە دانراوە سیاسیەکانی پێشخۆی خوێندۆتەوە لەپێناسەی سیاسەتدا دەگاتە ئەوەی دەڵێت : "سیاسەت بریتیە لەهەستان بە فرمانی خەڵکی و ڕێکخستنی کاروبارەکانیان بە ئاین و بەهابەرزەکان و هەروەها سونەتی دادپەروەرانە([٥])" .

هەروەك الجاحظ (م.٢٥٥ك /٨٦٨ز) کە یەکێکە لە بیریار و ئەدیبە گەورەکانی سەردەمی عەبباسی لە پێناسەی چەمکی سیاسەت دەڵێت : "بریتیە لە چەسپاندن و بەدەستهێنانی سیستەم و لەناوبردنی دەرچووەکان مەترسیەکانیان و دابینکردن پێداویستیەکانی خەڵکی، چوونکە ئەگەر خەڵکی بەبێ سیستەم بن ئەوە گەندەڵ و خراپ دەبن، پاشان پێویستە کە کۆببنەوە بۆئەوەی ئامانجەکانیان بەدەستبهێنن([٦])" .

---

([٣]) لسان العرب، دار المعارف، (بيروت : ٢٠٠٠م)، (باب السين)، ج٣، ص٢١٤٩ .

([٤]) القاموس المحيط، (بيروت : ٢٠٠٤م)، (باب السين – فصل السين و الشين)، ج٢، ص٢٢٠ .

([٥]) سلوك المالك في تدبير الممالك، مكتبة مسجد الأحمدي، (طنطا : ١٢٨٦هـ)، ص٧ ، ٨ .

([٦]) تح.حسن السندوبي – ضمن رسائل الجاحظ – المكتبة التجارية الكبرى، (القاهرة : ١٩٣٣م)، ص٣١ .

یەکێکی دی لەبیریارانی سەردەمی عەبباسی کە ابن قتیبة الدینوری (م.٢٧٠ یان ٢٧٦ك / ٨٨٣ یان ٨٨٩ز) دەڵێت : "سیاسەت بریتیە لە ڕێکخستنی کاروبارەکانی خەڵکی بەجۆرێك کە بەرژەوەندیەکانیان بۆ بەدەستبهێنرێت و زیانیان لێ بەدووربخاتەوە((٧))" .

هەروەها فەیلەسوفانی نێو شارستانیەتی ئیسلامیش هەریەکەو بەپێی تێڕوانینی خۆی هەوڵیداوە شیکار و ڕاڤەی چەمکی سیاسەت بکات بۆنمونە الفارابی (م.٣٣٩ك/٩٥٠ز) کە بەدانەری بنەماکانی فەلسەفەی سیاسی دادەنرێت لە نێو شارستانیەتی ئیسلامیدا و ئەو دێت چەمکی (زانستی سیاسەت – علم السیاسە) دادەهێنێت و پێناسەیەکی فراوان و گشتگیردەکات بۆسیاسەت و دەڵێت : "ئەو زانستەیە کە دەگەڕێت و پشکنین دەکات لە جۆرەکانی کردەوە و سونتە ئیداریەکان، وە لەبارەی دەسەلات و ئەخلاق و گونجاندن و ئەو شێوازەی کە لێیەوە کردەوە دروست دەبێت، وە لەبارەی ئەو مەبەستانەی کە لەپێناویدا دەکرێت، وە هەروەها چۆن پێویستە کە لە مرۆڤدا هەبێت((٨))" ...

پاشان ابن سینا (م.٤٢٨ك/١٠٣١ز) بەدوای فارابیدا دێت کاتێك نامیلکەیەك دەنووسێت بەناوی (السیاسە) لەو نووسینەیدا بەئاشکرا ئاماژە بە پێویستی سیاسەت دەکات بەوەی کە ڕێچکەیەکی گشتیە بۆ چاککردنی ژیانی خەڵکی((٩))" .

بەمجۆرە دەبینین ئەم زاراوەیە لەسەردەمی عەبباسی هێندە فراوانبوو کە ماناو تایبەت مەندی خۆی گرتەوە ئەویش بە مەفهومی ئەمڕۆ لە پێناساندنی سیاسەت بەوەی کردەی مرۆڤەکانە و هەوڵێکە بەرەو باشتر بردنی ژیانی خەڵکی و خزمەتکردنی لە کۆمەڵگەدا ..

بەم واتایەش دەبینین کە فەقیهەکانیش بۆخۆیان دێن و پێناسەیان بۆ زاراوەی سیاسەت هەیە و گرنگیەکی زۆر گەورەیان بە چەمکەکەداوە، بۆنمونە فقیهی شافعی بەناوبانگ الماوردی (م.٤٤٧ك/١٠٥٥ز) پێناسەی سیاسەت دەکات دەڵێت : "سیاسەت بریتیە لە چاکسازی کردن لە بارودۆخی ژیانی خەڵکی و ڕەعیەت و ڕێکخستنیانە لەسەر یەك ڕێسای گونجاو و کۆکردنەوەیانە لەسەر بچوونێکی گرنگ((١٠))" .

هەروەها فەقیهێکی شافعی تری گەورە دەبینین ئەویش الغزالی (م.٥٠٥ك/ ١١١١ز) کە پێناسەی سیاسەت دەکات و دەڵێت :" سیاسەت بریتیە لە چاکسازی کردنی خەڵکی لە ڕێگەی ڕێنیشاندانیان بەرەو ڕێگەیەکی ڕاست کە لە دونیا ڕزگار و سەربەرزیان بکات و بیانگەیەنێتە کۆتایش((١١))" .

یەکێکی تر لە فەقیهەکان أبوبکر الطرطوشی (٥٢٠ك/ ١١٢٦ز) دەڵێت :" سیاسەت بریتیە لە هێنانەدی ئەو دادپەروەریەی کە خوای گەورە بۆ بەندەکانی دارشتووە، وە هێنانە کایەی ئەو دادپەروەری و حەقەی کە ئاسمانەکان و زەوی لەسەر وەستاوە، وە دەرخستنی یاساو ڕێساکانی ئاین و سەرخستنی ستەم لێکراوان و تێبینی کردنی خاوەن هەستە ناسکەکان و لاوازەکان و هاوکاری کردنیان((١٢))" .

---

(٧) كتاب السلطان، (القاهرة : ١٣٢٤هـ)، ص١٠ .

(٨) السياسة المدينة (مبادئ الموجودات)، تح.د.فؤاد مترى نجار، المطبعة الكاثولكية، (بيروت : ١٩٦٤م)، ص٢٨ .

(٩) رسالة في السياسة، المطبعة الكاسولكية، (بيروت : ١٩١١م)، ص١٩ .

(١٠) الأحكام السلطانية و الولايات الدينية، دار الكتاب العربي، (بيروت : ١٩٨٨م)، ص٢٧ .

(١١) فاتحة العلوم، مكتبة الجندي، (لبنان : ١٣٢٢هـ)، ص٦ .

(١٢) سراج الملوك، المطبعة الازهرية، (القاهرة : ١٣١٩هـ)، ص٤ .

لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە فەقیهەکانی ئیسلام لەسەردەمی عەبباسی مەبەستی سەرەکیان لەچەمکی سیاسی بریتیی بووە لە بەستنەوەی بەرژەوەندی خەڵکی و ئاڕاستەکردنی فیکر و ژیانی ماددیان بەجۆرێك کە خزمەتی هەردوو دونیایان بکات، لەم دونیا خۆشگوزەران و سەرکەوتوو ڕێکخراو کۆدەنگیان بکات و دادپەروەری خودایی و حوکمی داواکراوی ئەو بهێنرێتە دی، ئاینیان پارێزراو بکات و لە ڕێگەی ئاینیشەوە لەودونیا بەرەو کەنارگیری ئارامی بڕوات، کەواتە سیاسەت لە ئیسلامدا بە پێێ ئەو تێڕوانینانە دوولایەنە تەنها ژیانی ئەم دونیا ناگرێـەو بەڵکو هەردوو دیوی هەیە و ئەم دونیا دەکاتە کێڵگەیەکی بەرهەمداری ئەو دونیا .

بۆیە دەبیین لە سەردەمەکانی دواتریش ئەم ماناو مەفهومە زیاتر ڕێچکەی خۆی دەبەستێت ئەوەتا ابن قیم الجوزی (م.٧٥١ك / ١٣٥٠ز) پێناسەی سیاسەت دەکات و دەڵێت: "هیچ کردارێك نیە بەهێندەی ئەو کە لەگەڵێدا خەڵکی نزیك بێتەوە لەچاکسازی و دووربکەوێتەوە لە گەندەڵیَ((١٣))" . یان خلیل الأسدي (م.٨٥٥ك/ ١٤٥١ز) پێناسەی سیاسەت دەکات و دەڵێت : "بریتیە لەزانستی بەڵگەی تەواو لەسەر ئامۆژگاری و بیرخستنەوە، لەسەر ئەوەی کە چی پێویستە پشتی پێببەسترێت و بگیرێتە بەر لە ڕێکخستنی کارو بارە پێویست و بەبایەخەکان((١٤))" .

ئەمانە چەند نمونەیەکن بۆپێناسەی زاراوەی سیاسەت لە ماناو تێگەیشتنی هزرڤانانی شارستانیەتی ئیسلامی لەسەردەمی عەبباسیەکان، لەڕاستیدا نمونە گەلێك زۆرن بەلاّم ئەمانە نمونەن بۆ دەرخستنی ئەو بابەتە .

بەهەرحاڵ لای یۆنانیەکان، چەمکی سیاسەت بریتیە لە هونەری سەرکردایەتیکردن یان بەڕێوەبردنی شار، بەواتایەکی دی بریتیە لە ڕێکخستنی ژیانی تاکەکان لە کۆمەڵگەیەکدا کە چەندین شێوازی نەخشە بۆکێشراوی خۆی هەیە وە سیستەمی دەوڵەتداری دیاری کراوی هەیە، بۆنمونە بۆچونێکی ئەفلاتۆن هەیە کە جێگەی لەسەر وەستانە کاتێك پێناسەی سیاسەت دەکات دەڵێت : سیاسەت بریتیە لە هونەری دروستکردنەوەو لێکدانەوەی لێکپچڕاوەکان، لەم بوارەشدا ئاژەڵەکان دابەشدەبن بۆ : ئەو ئاژەلاّنەی کە خاوەن شاخن و ئەوانەشی کە بێ شاخن، لەلایەکی دی هەیانە کە خاوەنی دوو پێیە هەیانە کە خاوەنی چوارپێیە، لێرەوە سیاسەت بریتیە لە هونەری سەرکردایەتی کردنی کەسێك کەخاوەنی دووپێیە وە هیچ شاخێکی نیە لەهەمانکاتدا هیچ پەڕێکیشی پێوەنیە((١٥))" .

هەرئەمەشە کە جیاوازیەکە دروست دەکات لە نێوان تێڕوانینی سیاسیانەی بیریارانی مسوڵمان و یۆنان کاتێك شیکاری زاراوەی سیاسەت دەکەن، چوونکە کاتێك هزرڤانێکی یۆنانی پێناسەی سیاسەت دەکات ئەو پێی وایە کە سیاسەت بریتیە لە هونەری سرکردایەتی و بەڕێوەبردنی دەوڵەت، وە دەیبەستنەوە بە دەوڵەت و دەستور و سیستەمی سیاسی و سیادەت و بالاّدەستی، بەلاّم بیریاری مسوڵمان پێناسەی دەکات بەوەی کە سیاسەت بریتیە لە هەستان بە ڕێکخستن و دابینکردنی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی بەوەی کە چی لە بەرژەوەندیاندایە بۆیان ئەنجام بدەن و چیش زیانیان پێدەگەیەنێت لێیانی دوربخەنەوە، پاشان ئەوان دەیبەستنەوە بە چاکسازی و ڕێکخستن و چاودێری و پەروەردەکردن و ئاڕاستەکردن لە ڕێگەی چاکسازی لە واقیعی سیاسی و پێشخستنی .

---

((١٣)) الطرق الحكمية في السياسة الشرعية، تح.د.محمد جميل غازي، مطبعة المدني، (القاهرة : ١٩٦١م)، ص١٥ .

((١٤)) التيسير و الاعتبار و التحرير و الاختيار فيما يجب من حسن التدبير و التصرف، تح.د.عبدالقادر أحمد طليمات، دار الفكر العربي، (بيروت : ١٩٨٥، ص٣٥ .

((١٥)) جان توشا : تاريخ الفكر السياسي، ترجمة . د.علي مقلد، منشورات دار الاستلال، (بيروت : ٢٠٠١م)، ص٢٩ .

هەروەها نابێت ئەوەشمان لەبیربچێت کە سیاسەت لەلای هزرڤانانی یۆنانی بریتیە لە کارکردن بۆ بۆڕێکخستنی ژیانی تەنها یەك چین لە خەڵکی کە ئەوانیش چینی ئازادانن و ئەوان پشتگوێی چینەکانی ی دەکەن لە کۆمەڵگەدا، بەڵام ئەم بیرە لەلای بیریارانی مسوڵمان بنیاتنراوە لەسەر ڕێکخستنی ژیانی سەرجەم خەڵکی لە مسوڵمانان و نا مسوڵمانان، هەتا ئەوکاتەی لە ژێرسایەی حوکمی ئیسلامدابن .

**تەوەری دووەم : تیۆری فیکری سیاسی لەدانراوەکانی نووسەرو بیریارانی سەردەمی عەبباسیەکان :**

لەنێو شارستانیەتی ئیسلامیدا ژمارەیەکی زۆر دانراوی تایبەت بە سیاسەت و فیکر و هزری سیاسی لە تەواوی سەردەمی عەبباسیەکان بەرچاو دەکەون، کە بیریارانی مسوڵمان تێیدا گۆشەنیگای فیکری خۆیان و لێکدانەوەی ئیسلامیان بۆ ئەو بابەتە ڕاڤەکردووە و خستۆتە ڕوو، هەرچەندە ئەم نووسراوانە سەرجەمیان تا سەدەی ٥ك/١١ز بەناوی کتێبی سیاسی سەربەخۆنەبوون و زۆرینەیان خۆی لە کۆمەڵێك بابەتی ناسراو بە (المرایا الأمراء) دەبینیەوە کە زیاتر ئامۆژگاری و بەرچاوڕوونین بۆ پادشاو دەسەڵاتداران، کە ئەمەش بەدەر نەبوون لە کاریگەرێتی بەشارستانیەتەکانی دی لەوبوارە بەتایبەتی شارستانیەتی ئێرانی و کەدواجار زۆرینەی زانا مسوڵمانەکانیش بۆخۆیان بەشێك لە کلتووریان لەو شارستانیەتەوە وەرگرتبوو، هەرچەندە زۆرینەی ئەو بیریارە ئیسلامیانە بۆخۆشیان لە ڕووی ڕەگەزیەوە سەر بەو نەتەوە و گەلانەی دیکەی جگە لە عەرەب بوون .

هەروەك ئاماژەمان بۆکرد یەکەم دانراوی سەربەخۆی تایبەت بە سیاسەت لە کلتووری مەعریفەی شارستانیەتی ئیسلامیدا دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەردەمی عەبباسیەکان و بەتایبەتی بۆ نیوەی سەدەی ٥ك/١١ز کاتێك نووسەری دیاری ئەوبوارە أبو الحسن الماوردی (ژیاوە لە نێوان ٣٦٤ – ٤٥٠ك / ٩٧٤ – ١٠٥٨ز) کتێبێك دادەنێت بەناوی (الاحکام السلطانیة)، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نیە کە پێش ئەم نووسەرە لە نێو ئەو شارستانیەتەو بەتایبەتی لەسەردەمی عەبباسیەکان هیچ جۆرە نووسراو یان ڕاڤەکاری بۆ چەمکی سیاسەت نەبووە ! بەڵکو لێکدانەوەی چەمکی سیاسەت لە نێو بیریار و ئەندێشەمەندانی ئیسلامی بۆ لەمە زۆر زووتر دەگەڕێتەوە، بەم مانایەش عبدالله بن المقفع((١٦)) (م.١٣٧ یان ١٣٩ك / ٧٥٩ز) دەتوانین بەیەکەم کەس دابنێین کە سەرەتا نووسراوی لەم بوارەدا دانابێت، ئەوەی کە یارمەتیدا دا لەم بوارە ئەوە بوو کە زمانی (پەهلەوی) ئێرانی کۆنی زۆر باش دەزانی ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە کلتووری سیاسی ئێرانی کۆن وەرگێڕێت و بگوازێتەوە بۆ نێو شارستانیەتی ئیسلام، لەدیارترین ئەو کتێبانەی وەریگێڕا لەم بوارەدا کتێبەکانی (کلیله و دمنه) بوو هەروەها لە کتێبی (رسالة في الصحابة) هەوڵێکی گرنگی داوە بۆ ئەوەی ئەزموونی پادشایانی فارسی لە چوارچێوەی کاری تیۆری سیاسی ئیسلامیدا باس لێوەبکات و پەرەی پێبدات، کە ئەم بیریارانە لەم بوارەدا ڕۆڵی سەرەکیان هەبووە، چوونکە (حکومەت لە مێژووی ئیسلامیدا هەرلەسەرەتاوە لەسەر بۆچوون و ئیجتهاد عەقڵی دامەزراوە نەك لەسەر ئاینێك کە ئاراستەی کردبێ((١٧))) بەواتایەکی دیکە لەنێو دەقەکانی قورئانی پیرۆز و

---

((١٦)) بیریارێکی مەزنی ئێرانی بووە لەسەردەمی یەکەمی عەبباسیەکان ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەبووە لە نێو شارستانیەتی ئیسلامی و چەندین کتێبی بەبایەخی لە زمانی کۆنی ئێرانی (پەهلەوی) وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، ئەم کە سایەتیە لەبەرجیاوازی و ناوازەیی فیکری و نوێگەری لە کۆمەڵگەدا لەسەردەمی عەبباسیەکان کوژرا .... بڕوانە احمد امین : ضحی الاسلام،مطبعة النهضة المصریة، (القاهرة : ١٩٦٨م)، ج١،ص١٨٠

((١٧)) ئەمەش بۆچوونی ڕۆژهەڵاتناسی دیار (روزنتال)ە بڕوانە اروین روزنتال : دور الدولة في الاسلام، مجلة الاجتهاد، عدد٢، سنة ٣، ١٩٩١م، ص٦١ .

فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) هیچ شیکارێك یان ڕێنوێنیەکمان نیە کە بگوترێ پێویستە سیستەم حکومەت داری و دەسەلاّت و پەیکەری سیاسی دەوڵەت چۆن بێت بۆیە زیاتر اجتهادی فەقیهەکانە کە ئەم بیریارانەش لەم بوارەدا ڕۆڵی بالآیان هەبووە لە داڕشتنی پەیکەرێکی دیاری کراوی سیاسی لە نێو شارستانیەتی ئیسلامیدا .

بۆیە دەبینین ئەم نووسراو دانراوانە کاریگەری گەورەیان هەبووە لەسەر ڕێڕەوتی سیاسی حاکم و دەسەلآتدارانی ئیسلامی هەر لەسەردەمی ئومەویەکان (٤١ – ١٣٢ك / ٦٦١ – ٧٤٩ز) تا کۆتایی سەردەمی عەبباسیەکان (١٣٢ – ٦٥٦ك / ٧٤٩ – ١٢٥٨ز) و سەردەمەکانی دواتریش، ئەوەتا یەکێك لە نوسەرانی نوێ دەڵێت :"سیستەمی سیاسی ئومەویەکان کاریگەربوو بە سیستەمی بالای هەردوو دەوڵەتی فارسی و بێزەنتی((١٨))"، بەم جۆررەش ئەم کاریگەریە بەردەوام بوو تا زیاتر کتێبە وەرگێڕداوەکانی شارستانیەتەکانی دی پەرەی سەند بەتایەبتی لە یۆنانی و پەهلەوی، لەوانەش لەسەردەمی عەبباسی (رسائل أرسطو) وەرگێڕدرایە سەر زمانی عەرەبی، ئیدی لەبەر ڕۆشنایی ئەو وەرگێڕانانەدا نووسەر و بیریاری ئیسلامی دەرکەوتن و ئەوانیش فیکری سیاسیان داڕشتەوە لە دیارترینیان أبو عثمان الجاحظ(١٥٩ – ٢٥٢ك / ٧٧٥ – ٨٦٨ز)، ئەم بیریارە لە کلتووری مەعریفەی ئیسلامیدا بۆچوونەکانی ڕۆڵێکی دیاریان هەیە لە بواری ڕاڤەی چەمکی سیاسەت هەروەك لە پەرەدان بە فیکری سیاسی لەدانراوەکانیدا دیسان یەکێکە لە پێشەنگانی ئەو بوارە لەپاش ابن المقفع، لەدیارترین بەرهەمەکانی الجاحف لەبواری سیاسیدا دەتوانین ئاماژە بۆ هەردوو کتێبی (التاج في أخلاق الملوك) و (استحقاق الامامة) بدەین، الجاحظ بۆخۆی لە ڕووی فیکرەوە کە سێکی خاوەن فیکری موعتەزیلەبوو، لە نێو ئەم کتێبانەیدا هەوڵدەدات باسی ئەخلاقی پاشایانی ئێرانی (ساسانی)ەکان بکات، و هەوڵدەدات ڕاڤەی بکات و لەگەڵ پادشایانی ئیسلامی بەراوردیانبکات، لە دانراوەکانیدا  زۆر سەرسامە بە ئەزمونی سیاسی ئێرانی بەتایبەتی لە بواری حوکم و ئیدارەکردندا، ئەمەش نا شارێتەوە و دەڵێت :"لە پاشایانی عەجەم یاساکانی پادشایەتی و مەملەکەتداریمان وەرگرت و زانیمان چۆن چینەکانی تایبەت و گشتی ڕێکبخەین، ڕەعیەت چۆن سیاسەت بدەین، هەروەها زانیمان کەچی پێویستە بۆهەر چینێك و سنووریان چیە لەدەوڵەتدا((١٩))"، لەم گێڕانەوەی ژیانی پادشایانی ئێرانیش یەکێك لەمەبەستە سەرەکیەکانی بریتی بووە لەوەی کە عەرەبەکان فێربکات چۆن هەڵس و کەوت و مامەڵە لەگەڵ پادشایانیان بکەن، هەروەك دەڵێت :"کاتێك بینیمان زۆرینەی چینی گشتی خەڵك و هەندێك لەچینی بالآدەست، لە بارەی ئەو مافانەی کە هەیانە و پێویستە چۆن بن لەگەڵ پادشایانیان نەزانن و شارەزانین، زۆرینەی هەڵس و کەوتەکانیان دەچێتە چوارچێوەی ملکەچیەوە، بۆیە ئادابەکانی ئەو بوارەو چۆنیەتی هەڵس و کەوتەکانمان لەم کتێبەماندا کۆکردەوە((٢٠))"، لێرەوە ئاڕاستەی بیری ئەم هزرڤانەی سەردەمی عەبباسیمان بۆ دەردەکەوێت لە دیاری کردنی مافەکانی گەل بەرامبەر دەسەلآتدار و چۆنیەت مامەڵەکردنیان لەگەڵ یەکتری و مەبەستێتی لە ڕێگەی ئەم دانراوە سیاسیەوەی هۆشیاریەك بە دەسەلآت و ڕەعیەت بدات، ئەمەش لە چوارچێوەی بەخشینی ئامۆژگاری سیاسیانە بۆ هەردوولا.

---

[(١٨)] د.محمد جلال ابو الفتوح شرف و د.علي عبدالمعطي محمد : الفكر السياسي في الاسلام، دار المعرفة الجامعية، (الاسكندرية : ١٩٨٧م)، ص١٢٥ .

[(١٩)] كتاب التاج في اخلاق الملوك، دار صعب، (بيروت : ١٩٧٠م)، ص٣١ .

[(٢٠)] م.ن .

هەروەها یەكێكی دی لە دانراوە سیاسیە گرنگەكانی سەردەمی عەبباسی دەتوانین ئاماژە بۆ كتێبی (سلوك المالك في تدبير المالك)ی (إبن أبی الربیع)بدەین، كە لەسەردەمی خەلیفە المعتصم بالله (٢١٨ — ٢٢٧ك/ ٨٣٣ - ٨٤١ز) دایناوە، ئەم كتێبە هێندە بەبایەخە كە هەندێ كەس بە یەكەم كاری سیاسی لە ئیسلامدا ئەژماری دەكەن((٢١))، بەلأم لەڕاستیدا نووسەری ئەم كتێبە پشتی بەستووە بە فیكری سیاسی یۆنانیەكان و بەتایبەتی فیكری (ئەرستۆ و ئەفلاتۆن)، هەروەها جەخت لەسەر یەك شێوەی یەكگرتوو بۆ حكومەتداری دەكاتەوە و كە ئەویش شێوەی پادشایەتیە، كە لەسەر حوكمی تاكەكەس و پشت ئەستوور بە شەفاعەت و پشتیوانی خودایی وەستاوە بۆ دەسەلأتداران، هەروەك دەڵێت : "خوای گەورە پادشایانی تایبەت كردووە بە كەرامەتی خۆی، توانای پێبەخشیون لە ولأتەكەیاندا و دەسەلأتدار و دەست بەتاڵی كردوون بۆ بەندەكانی((٢٢))" .

سەرباری ئەمانە بابەتی ئاشوبی گەورە (الفتنة الكبرى)، كە لەنێوان مسوڵمانان كەوتەوە بەتایبەتی لەسەردەمی خەلیفە (عثمان بن عفان ٢٣ — ٣٥ك / ٦٤٣ — ٦٥٥ز) بەدواوە بووە هۆی هێنانەدی چەندین گفتوگۆو جدلی سیاسی لە نێو شارستانیەتی ئیسلام، پاشان گۆڕانی خەلافەتی ئیسلامی بۆ پادشایەتی بەتایبەتی لە سەردەمی خەلافەتی ئومەوی كاتێك خەلیفە (معاویە بن ابی سفیان ٤١- ٦٠ك-٦٦١ — ٦٨٠ز) سیستەمی دەسەلأتداری سیاسی لە ئیسلامداكردە پشتاوپشت، بابەت گەلێكی وەها كە ڕەنگدانەوەو گرنگی و پرشكی لەسەردەمی عەبباسیشدا هەبوو، بیریارانی سەردەمی عەبباسی زۆر بە گرنگی و پاشان بە بایەخ شیكار و لێكدانەوەو ڕاڤەیان بۆ ئەم بابەتە كردووە، هێنانی سیستەمی ئێرانی و بەتایبەتی ساسانی و سوود لێوەرگرتنەوەی لەسەردەمی عەبباسی ڕەنگە بۆخۆی بەشێكی پەیوەندی بەخاڵی هاوجۆری سیستەمی پادشایەتی هەبێت كە گواستنەوەی دەسەلأتە لە باوكەوە بۆكوڕ و پاشان بۆ كەسانی دی، ئەم سیستەمە سیاسیە بووە هۆی لێكدابڕانی هەردوو دام و دەزگای ئاینی و سیاسی لە حوكم و دەسەلأت و هەروەها دەركەوتنی دەسەلأتی سیاسی لاواز بۆیە چەندین گروپ و تێڕوانینی جیاواز بۆ ئەم بابەتە دەركەوتن وەك وتمان لەبواری جدل و مناقەشەو دانراوی كتێب و بۆچوونی خۆیان تێدا بەیان دەكرد .....

ڕەنگە بەشێك لە بانگەشە چیانی ئەم بوارە فقیە و شەرعزانەكان بووبێتن كە هەر لە كۆتایی سەردەمی ئومەوی كەوتنە جموجۆڵ چوونكە ئیدی یاسادانان و فرمان و نەهی بەهۆی ئەو هۆكارانەی باسمانكرد لەدەستی ئەواندا دەرچووبوو، كەسانی دی وەك خەلیفە وەزیر و تەنانەت میر و والیەكان شوێنیان گرتبونەوە ..... لێرەوە بانگەشەچیانی گروپەفیكریەكانی وەك (كلام)یەكان و هەروەها (معتزلە)و (شیعەكان كە دروشمی شعار رچی لآل محمد یان بەرزكردبۆوە)، كەوتنە وروژاندن و گفتوگۆكردنی بابەتی خەلافەت و ئیمامەت لە سیستەمی سیاسی دەوڵەتی ئیسلامیدا بابەت گەلێكی وەك الامامە گرنگترین بناغەی فیكریانی پێك دەهێنا كە پێویستە چۆن بێت و ئەرك و ماف و تایبەتمەندیەكانی چۆن بێت و ئیمامەتی نمونەیی دەبێت چۆن بێت شیعەكان لەدژی ئومەوی و پاشان عەبباسیەكان ئەمەیان كردە بنەمای شۆڕشەكانیان و خودی عەبباسیەكانیش بابەتی ئیمامەتی دیسان وەك كارتی سیاسی بەكارهێناو پاشان موعتەزیلەش كردیە بنەمایەكی بەهێزی جەدەلە (كلام)یەكانیان لەنێوان

---

[٢١] د.محمد جلال ابو الفتوح شرف و د.علي عبدالمعطي محمد : الفكر السياسي في الاسلام، ص٢٠٨ .

[٢٢] سلوك المالك في تدبير المالك، ص٩٩؛ م.ن، ص٢١٨ .

سەرجەم گروپەکان جەختی لەسەر دەکرایەوە((٢٣))، لێرەدا پێمان باشە بۆزیاتر ڕوون بوونەوە هەندێك لە بابەتی الامامە بدوێین وەك گۆشەنیگایەکی بەهێزی سیاسی هزرڤانانی ئیسلامی نێو شارستانیەتی ئیسلامی .

سەرجەم بیریارانی ئیسلامی بەتەواوی جیاوازیە فیکری و گروپەکانیانەوە جەخت لەسەر پێویستی ئیمامەت دەکەنەوە، لەم بارەیەوە ابن الحزم (م.٤٥٦ك/ ١٠٦٣ز) لە کتێبی (الفصل في الملل و الاهواء و النحل) دەڵێت : "سەرجەم ئەهلی سونەت و سەرجەم مورجیئەو سەرجەم شیعەو سەرجەم خەواریج کۆکن لەسەر پێویستی ئیمامەت و پێیان وایە کە واجبە لەسەر ئومەتی ئیسلام کە ئیمامێکی دادپەروەردابنێن و تێیدا ئەحکامەکانی ئاینی تێدابێت، حکومیان بکات (یوسوس)یان بکات بە بنەماکانی شەریعەت، کە پێغەمبەر (د.خ) هێناویەتی، ئەمە جگە لەتەنها گروپی نجدات نەبێت لە خەواریجەکان کە ئەوان دەڵێن : "فەرزکردنی ئیمام پێویست نیە((٢٤))" .

بەڵام ئەوەی جێگەی ئاماژە بۆکردنە ئەوەیە کە ئەو گروپانە لە چۆنیەتی شێواز و مەرجەکانی کە لە ئیمامدا هەیە یەك بۆچوون نین، بۆنمونە لەم بوارەدا مەرجی سەرەکی لای سونەکان ئەوەیە کە پێویستە گوێ و بیستنی تەواو بێت، کەچی معتزلە و زەیدیەکان عەقڵیان بە مەرجی سەرەکی داناوە، هەروەها الجاحظ دەڵێت بەڵکو بیستن و عەقڵیش پێویستن کە لە ئیمامدا هەبن، بەڵام شیعەکان هەردوو گروپی الامامی و ئیسماعیلی دەڵێن پێویستە یاساکانی شەرعی لەبەربێت، بۆئەوەی خوا ناس بێت و بەشێك لە خەواریجەکانیش وەك وتمان دەڵێن کە ئیمامەت هەر پێویست نیە لە بنەڕەتەوە((٢٥))، هەروەها گەورەترین جیاوازی سیاسی لەنێو شارستانیەتی ئیسلامی کە زۆرینەی شەڕەنێوخۆییەکانی نێوان لایەنەناکۆکەکان و زۆرینەی ئەو خوێنانەی ڕژاوە لە ڕاستیدا لەسەر تێگەیشتن و فەهمی ئیمامەت بووە لەنێوانیاندا، هەروەك الشهرستانی دەڵێت : "گەورەترین جیاوازی لە نێوان مسوڵمانان جیاوازی الامامە بووە، لە ئیسلامدا هیچ شمشێرێکیش بەهێندەی شیر ڕاکێشان لەسەر بابەتی ئیمامەت لەسەرجەم کات و زەمانەکاندا زۆر ڕانەکێشراوە((٢٦))"، بۆیە لەنێو مێژووی ئیسلامیشدا یەکەم بابەتی ململانێی سیاسی لەسەر بابەتی ئیمامەت تۆمارکراوە کاتێك باس لەسەر ڕەوایەتی ئیمامەتی خەلیفەکانی ڕاشدین هاتە کایەوە، هزرڤانانی شیعەش لە نێوەڕاستی سەدەی ٢ك / ٨ز کەوتنە تیۆردانان و چەندین تیۆری تایبەتیان دانا سەبارەت ئیمامەت تا هەندێکیان گەیشتنە ئەوەی کە پێغەمبەر (د.خ) فەرمویەتی کە پێویستە عەلی و نەوەکانی ببنە ئیمام و پێشەوا لەپاش خۆی ((٢٧))، سەرباری ئەوەی کە زانایانی سونەو فەقیهەکان چەندین بەڵگەی قورئانیان دەهێنایەوە بۆوەڵامدانەوەی ئەم بابەتە، بەڵام دەبینین کە چەندین بیریاری دی سونە مەزهەب دیسان دانراوی سیاسیان دادەنا بۆ وەڵامدانەوەی تێگەیشتنی فیکری سیاسی شیعەکان،

---

((٢٣)) بۆزیاتر شارەزابوون لەم بابەتە بڕوانە الگوسی (ابو جعفر محمد بن حسن بن علي) : الفهرست، مؤسسة الوفاء، ط٣(بيروت :١٩٨٣)، ص٨٤ — ٩٧ ؛ ابن النديم : الفهرست، مطبعة دانشطاه، (ايران : د.س)، ص٧٨ ؛ ابو الاعلى المودودي : الخلافة و الملك، ترجمة.أحمد ادريش، دار القلم، (الكويت : ١٩٧٨م)، هەردوو بابی چوارەم و پێنجەم .

((٢٤)) دار التعارف، (بيروت : ١٩٨٣م)، ج١، ص٨٧ .

((٢٥)) الحلي : رسالة كشف الفوائد، مجموعة الرسائل، منشورات آية الله العظمى المرعشي النجفي، (قم : ١٤٠٤هـ)، ص١٩٢ .

((٢٦)) الملل و النحل، مكتبة السلام العالمي، (القاهرة : ٢٠٠١م)، ج١، ص٢٥؛ هەروەها بڕوانە أبو الحسن الأشعري : مقالات الاسلاميين، مكتبة النهضة، (القاهرة : ١٩٦٩م)، ج١، ص٣٤.

((٢٧)) لەبارەی دانراوەکانی شیعە لەم بوارەدا بڕوانە الطوسي : الفهرست، ص٢٠٠ — ٢٢٥ .

لە دیارترینیان دەتوانین ئاماژە بەکتێبی (الامامة و السياسة)ی ابن قتيبة (٢١٣ – ٢٧٦ك/ ٨٢٨ – ٨٨٩ز) بدەین، کە بەهاوشێوەی مەنهەجی ئەوان وەڵامیان دەداتەوە((٢٨))، هەروەها أبو الحسن الاشعری (١٦٠ – ٣٢٤ك / ٧٧٦ – ٨٢٨ز)، دادەنرێ بە پێشەنگی ئەو (متكلم)انەی کە دانراوی داناوە لەبارەی بابەتی الامامە و بەپێی خوێندنگەی سونە لێکدانەوەو شیکاری بۆ بابەتە سیاسیەکان کردووە لەسەر ڕێباوەڕی شافعی (١٥٠ – ٢٠٤ك / ٧٦٧ – ٨١٩ز)، هەروەها کاتێك کتێبی (الكتاب و السنة و الاجماع و القياس) دادەنێت، لەم کتێبەدا الاشعری هەوڵدەدات شیکار و ڕاڤەی ڕووداوە مێژووییەکانی پەیوەنیدار بە الامامە بکات((٢٩))، دەتوانین بڵێین تێڕوانینە سیاسیەکانی الاشعری بۆ الامامە بووە بنەمایەکی گرنگ کە زۆرێك لە توێژەران لەدوایدا پشتیان پێی بەست و لێکۆڵینەوەکانیان لەبارەوە دەکرد وەك بۆچوونێکی گرنگی سەردەمی عەبباسی بۆ تێڕوانینی لە حاکم و دەسەڵاتی سیاسی و ئەرك و مافەکانی و پاشان هێنانەوەی بەڵگەی مێژوویی لەسەر ئەو بوارە گرنگە .

سەرباری ئەمانەش ئەو بیریارانەی لەبواری فەسەفە خەریك بوون لە نێو شارستانیەتی ئیسلامی هەوڵیانداوە پەیوەندیەك درووستبکەن لە نێوان فەلسەفەو سیاسەت و پێکیانەوە ببەستنەوە، ئەم بابەتەش تەواو لە دانراوەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە، فەیلەسوفانی مسوڵمان توانیان هەرزوو شیکاری فەلسەفەی یۆنانی بکەن و سوودی لێوەربگرن بەتایبەتی لە دیاریکردنی سیستەمێکی باشتر و هۆشیاریەکی بەرفراوانتر بۆ یاسادانان ....

لەڕاستیدا هزرڤانانی فەلسەفی لە نێو شارستانیەتی ئیسلامیدا زۆر کاریگەر بوون بە فەلسەفەی یۆنانیەکان و بەتایبەتیش هەردوو فەیلەسوف (ئەرستۆ و ئەفلاتۆن)، بەجۆرێك خۆشەویستی دانایی تەواو لای ئەم هزرڤانانە لە پێشەنگی کارەکانی تردا بووە و تەنانەت لە پێش شەریعەتیش دایانناوە لە هەندێك کاتدا و بەم هۆیەشەوە هەوڵیانداوە دەست بۆ هەموو شتێك بەرن بۆوەرگرتنی وەڵامی پرسیارەکان و گومان دروستکردن لەسەر شتەکان، تەنانەت هەندێك جار دەستیان بۆ شتە یەقینەکانیش دەبرد، بەتایبەتی لەبواری ئاینیدا، بەهەرحاڵ بەجۆرێك فەلسەفەیان بەرز دەنرخاند کە بیریارێکی وەك ابن رشد (٥٢٠ – ٥٩٥ك / ١١٢٦ – ١١٩٨ز) پێشەنگی دەداتە حیکمەت بەسەر شەریعەتیشدا هەروەك دەڵێت :"پێویستە لەسەر زانایان کە هەردوو حکمەت و شەریعەت بەیەکەوە کۆبکەنەوە، لەشەریعەت بەوە کاربکەن کە لەگەڵ حیکمەتدا یەکدەگرێتەوە و لەو بوارەش بەردەوام لێکدانەوە بکەن کە لەگەڵ حیکمەت یەکناگرێتەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی کە کارەکانیان بەردەوام لەهەموو شتێك یەکانگیربێت لەگەڵ حیکمەت((٣٠))" .

بەمجۆرەش فەیلەسوفان لەبواری سیاسەتدا لێدوان و شیکار لێکۆڵینەوەی تایبەتیان هەیە، سەرەتا هەوڵیاندا کە فەلسەفەی سیاسی یۆنانی و بەتایبەتی کارەکانی (ئەرستۆ و ئەفلاتۆن) لە بابەتی (المدينة الفاضلة)دا هێناو خستیانە نێو بواری فیکری سیاسی ئیسلامی، هەروەك چۆن لەم سەردەم باسی الاشعریمان کرد کە خەریك بوو بەبواری بابەتی تیۆری (الامامە)، بەهەمان شێوەش أبو نصر محمد بن طرخان ناسراو بة الفارابي (٢٥٧ – ٣٣٩ك / ٨٧٠ – ٩٥٠ز) لە بواری تیۆری فەلسەفی سیاسی ئیسلامیدا خەریك بووە و بەدامەزرێنەری تیۆری المدينە الفاچلە دادەنرێت لە شارستانیەتی ئیسلامیدا، لە ڕاستیدا فارابی لەماوەیەکی ناجێگیری و ئاڵۆزی سیاسیدا ژیاوە

---

[٢٨] عبدالحميد الكتاني : نظام الحكومة النبوية، دار الكتاب، (بيروت : ٢٠٣م)، ج١، ص٣.

[٢٩] الابانة في اصول الديانة، تح.د.فوقية حسن محمود، دار الانصار، (مصر : ١٩٧٧م)، ج١، ص٢٥١ ڤەرِگەکانى دواتر .

[٣٠] فصل المقال و التقرير مابين الشريعة و الحكمة من الاتصال، (الجزائر : ١٩٨٧م)، ص١٢ .

کە دەکاتە ماوەی دەسەڵاتی خەلیفە المعتمدی عەبباسی (٢٥٦ – ٢٧٩ك / ٨٦٩ – ٨٩٢ز) و حوکمی خەلیفە المطیع (٣٣٤ – ٣٣٦ك / ٩٤٥ – ٩٤٧ز)، کە ئەم ماوەیەش یەکێکە لە ئاڵۆزترین ماوەکانی خەلافەتی عەبباسی کە چەندین کێشەو کارەکتەری ئاینی و سیاسی و ڕۆشنبیری ڕۆڵی سەرەکیان هەبوو تێیدا .

فارابی لە بواری سیاسیدا ڕێچکەی هەردوو فەیلەسوفی یۆنانی ئەرستۆ و ئەفلاتۆنی گرتبوو، بۆیە سیاسەت و ئەخلاق و فەلسەفەی بەیەکەوە دەبەستەوە، وای دەبینی کە دەوڵەت – شار(المدینة) پێویستە خاسیەتەکانی حکمەت و ئازایەتی و پاکی و دادپەروەری تێدابێت .

پوختەی بۆچوونیشی ئەوەبوو کە مرۆڤ بە فیترەت حەز بە کۆمەڵایەتی بوون دەکات حەزدەکات کۆمەڵی گەورەپێك بهێنێت و هاوکاری یەکتری بن، "هەموو تاکەکان بۆیەکتری پێویستە هاوکاری یەکتر بکەن، لە دابینکردنی پێویستیەکانی ئەوانیتردا، بەمەش دەگەنە پلەی کمال و تەواوەتی ئەمەش کاتیك بەدەستدێ کە لە شارێکدا (مدینە) کۆببنەوە[(٣١)]" .

بۆیە الفارابی وای دەبینێت کە دەوڵەت – شار بریتیە لە نمونەی باڵای سیستەمی سیاسی ڕەها، لێرەدا دەتوانین کاریگەری بارودۆخی سیاسی سەردەم بەسەر فیکری فارابی تێبینی بکەین کە دەیەوێت لە ئەزمونی سیاسی سەردەمی خۆی دابڕێت و هەوڵبدات کە یۆتۆپیایەك دابڕێژێت کە دووری بخاتەوە بارودۆخی مێژوویی خۆی، جێگەی ئاماژەیە کە لەنێو کلتوری سیاسی ئیسلامیدا بۆچوونە فەلسەفیەکانی فارابی لەگەڵ تێڕوانینی (الامامە) لەلای شیعەکان یەکدەگرێتەوە، چوونکە فارابی پێی وایە کە هەموو کەسێك بۆی نیە ببێتە سەرۆکی شار – دەوڵەت، چوونکە سەرۆکایەتی بەدووجۆرە کەس دەدرێت ئەوانیش یان دەبێت بە شێوەی بە فیترەت بێت و کەسێك بێت کە بەسروشت ئامادەکرابێت بۆی، یان دەبێت بەشان و شەوکەت و توانای ئیداری بێت، بۆیە هەموو کەسێك و بۆهەموو کارێك نابێت بێتە سەرۆك، ئاشکرایە لای شیعەکانیش (ئیمام) معصومە کە دەبێتە ئیمامەت[(٣٢)] .

ئاشکرایە لەم بۆچوونەدا فارابی تەواو بە ئەفلاتۆن کاریگەر بووە ئەوەتا ئەفلاتۆن دەڵێت : "هیچ دەوڵەتێك و سیستەمێك و تاکێك نیە کەبگاتە ئاستی کمال و تەواوەتی تا ئەوکاتەی حکیمێك دەسەلاتی تێدا دەکەوێتە دەستی فەیلەسوفێك[(٣٣)]" .

هەروەها فەیلەسوفێکی دی ئیسلامی أبو علی ابن سینا (٣٧٣ – ٤٣٠ك / ٩٨٠ – ١٠٣٧ز)، کە یەکێکە لەو بیریارە ئیسلامیانەی زۆر قوڵ بۆتەوە لە خوێندنەوەی ئەرستۆ و کاریگەر بووە پێی ئەمە سەرباری کاریگەربوونیشی بە ئەفلاتۆنیەتی نوێ و فارابی بە مامۆستای گەورەی خۆی دادەنا، هەرچەندە بۆچوونەکانی ئاڵۆزە بەتایبەتی لە بواری شار (مدینە) – دەوڵەت، بەڵام توانی بۆچوونەکانی خۆی لەسەر دیدگاکانی فارابی دابڕژێت و بۆچوونەکان بگۆڕێت بۆ زاراوە و دەربڕینی نوێ کە زیاتر ڕوونن لەو بوارەدا [(٣٤)] .

---

[(٣١)] آراء اهل المدينة الفاضلة و مضاداتها، تح. د.علي بو ملحم، دار المكتبة الهلال، (بيروت : ١٩٩٥م)، ص١١٢ – ١١٣ .

[(٣٢)] الفارابي : السياسات المدنية، وقرطيراوة لة د.محمد جلال ابو الفتوح شرف و د.علي عبدالمعطي محمد : الفكر السياسي في الاسلام،ص٩٩؛ الفارابي : آراء اهل المدينة الفاضلة و مضاداتها، ص١١٨ .

[(٣٣)] جمهورية أفلاطون : الكتاب السادس، تر.حنا خباز .

[(٣٤)] ابن سينا : الشفاء (الالهيات)، منشورات متبة آية الله العظمى المرعشي النجفي، (قم : ١٤٠٤هـ)، ص٤٥١ – ٤٥٢ .

لەڕاستیدا کاتێك فەلسەفە سیاسی فەیلەسوفانی مسوڵمان دەخوێنینەوە هەر لە الفارابی تا دەگاتە ابن سینا و و ابن طفیل (٤٩٤-٥٨١ / ١١٠٠ – ١١٨٥ز) لە چیرۆکی (حی بن یقظان) و ابن باجە (م.٥٣٣ك / ١١٣٨ز) لە (تدبیر المتوحد) و (رسالة الوداع) و ابن رشد و تەنانەت ابن خلدون دەبینین دەگەینە ئەوەی کە سەرجەم ئەمانە کاتێك خەریکی شیکار و لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی ئەرستۆ بوون هەوڵیان داوە کە جیاواز لە فەیلەسوفانی یۆنانی داهێنان بکەن بەتایبەتی لە هەوڵیاندا بۆ ڕێکخستن و بەستنەوەی نێوان فەلسەفەو ئاین، ئەوەی کەسەرجەمیشیان لەسەری کۆکن ئەوەیە کە سەرجەمیان هەوڵیانداوە کە پەیوەندیەکی هاوبەش لەنێوان ناوەڕۆکی فەلسەفەو سیاسەتدا بدۆزنەوە پاشان بگەڕێن بەدوای هۆکارەکانی بوونی وە بیگونجێنن لەگەڵ شەریعەتدا، بەلاّم ئەوەی کە جیاوازە لەنێوان تێڕوانینی فەلسەفیانەی زانا مسوڵمانەکان بریتیە لە جیاوازی نێوان سیستەمی سیاسی بۆ کۆمەڵ و شەریعەت، کاتێك هەندێك فەیلەسوفی وەك (ابن رشد و الفارابی) باسی پێویستی بوونی کۆمەڵێکی سیاسی دەکەن وەك چوارچێوەیەکی بەهێز بۆ گەشەپێدانی بنەماکانی نموونەیی بوون و بەرزی و دیدگاکانی مرۆڤی، بەلاّم هەندێکی تریان بەتایبەتی (ابن سینا) دەڵێت پێویستە ئەم کۆمەڵە سیاسیە هەبێت بەلاّم دەبێت ئەمە بېرێتەوە بۆلای شەرع و هەروەها ئەو کۆمەڵەیەش کە دروستدەبێت پێویستە لەسەر بنەماکانی شەریعەت دروست ببێت[((٣٥))] .

[٣٥] م.ن، ص٤٥٢ – ٤٥٦ .

**ئەنجام**

١- ڕووی زمانەوانی و زاراوە چەمکی سیاسەت لەلای بیریارانی ئیسلامی هاو واتایی و نزیکیەك هەیە، لەلایەك بریتیە لە هەستان بە ئەنجامدان و گرتنەدەستی کاروبار خەڵکی (ڕەعیەت) بە ڕێکخستنی ئەوەی کەچ شتێك باشترینە بۆیان، لەلایەکی دیش وەلانانی گەندەڵی و خراپەکاریەکان لەسەریان .

٢- پێناسەکانی هەردوو (زمانەوانی و زاراوەیی) بۆ چەمکی سیاسەت لە سەردەمی عەبباسی لەڕاستیدا هەردووکی جەخت لە بابەتی ڕێکخستن و دابینکردنی بەرژەوندی (التدبیر) دەکەنەوە لە کاروباری هاوڵاتیان ئەمەش ئەوەمان بۆ دووپات دەکاتەوە کە دیاردەی ئامۆژگاری کردنی سیاسی لەوەی کە هەڵس و کەوت و مامەڵەی چۆن بێت و سوڵتەو دەسەڵات بۆچ مەبەستێك بەکاربهێنێت یەکێك بووە لە مەفهومە دیارەکانی شارستانیەتی ئیسلامی لە بەکارهێنانی چەمکی سیاسەت لانی کەم هەتا سەدەی ٨ك / ١٤ز کۆچی، ئەمەش یەکێکە لە گۆشە نیگاکانی تێڕوانینی ئیسلامی بۆ سیاسەت، کە بریتیە لە خزمەتی خەڵك و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیە باڵاکانیان دواجار ئەمەش لە پێناوی داڕشتنی هزری داهاتوو بە سوود وەرگرتن لە ئێستاو ڕابردوو، کە لە کۆتایدا دەبێتە داڕشتنی هێڵێك بۆ حاکم کە خۆی بۆ گریمانەیی پێشکەوتنی هێز و کاریگەری و کارتێکردن ئامادە بکات ......

٣- هەرچەندە وەها دێتە پێشچاو کە بیریارانی مسوڵمان لە سەردەمی عەبباسی دووبارەی فیکری یۆنانیەکانیان کردۆتەوە و هەمان کلتووری سیاسی یۆنانی و گەلانی دیکەیان گواستۆتەوە، بەڵام ئەمە بەو واتایە کە فیکری ئیسلامی هیچ کلتورێکی سیاسی نەبووبێت ئەمە ڕاست نیە، هەرچەندە ئێمە نکۆڵی لەوە ناکەین کە لە پێناسەو تێگەیشتنە زاراوەییەکانیاندا سوودیان لە بیری یۆنانیەکان وەرگرتووە و هەروەها داڕشتنی فیکری سیاسی ئیسلامیش کاریگەرە بە یۆنانیەکان و گەلانی دیکەی خاوەن شارستانیەتی وەك ئێرانیەکانیش، بەڵام ئەگەر چاوێك بەنێو سەرچاوە مێژووییەکاندا بخشێنین تەواو ئەو جیاوازیە گەورەو بگرە قوڵەشمان بۆ دەردەکەوێت کە لەنێوان هەردوو گۆشەنیگای ئیسلامی و یۆنانیدا هەیە سەبارەت بە تێڕوانینیان بۆ چەمکی سیاسەت، فکرو کلتوری سیاسی ئیسلامی تەواو سەربەخۆیەو تێڕوانینی تایبەتی خۆی هەیە لەسەر بابەتەکان .

٤-سیاسەت لە مەعریفەی نووسراوی نێو شارستانیەتی ئیسلامی ڕەنگدانەوەی زۆری هەبووە، چ لەلایەن فقیهەکان بێت یان متکلمەکان یان فەیلەسوفان، لە کۆمەڵێك خاڵی گرنگ جیاوازن و هەریەکەیان لە گۆشە نیگای تایبەتی خۆیەوە تێیان ڕوانیوە، بۆنمونە فەقیهەکان بەهێندەی سەرۆکێك باش بێت و شەعب هەڵیبژاردبێت کۆتایی پێدەهێنن بەڵام فەیلەسوفان دەڵێن پێویستە کەسی سەرۆکی دەوڵەت جیاوازتربێت و کۆمەڵێك سیفەتی تایبەتی هەبێت، بەم جۆرەش دەبینین نووسراو و دانراوەکانی سەردەمی عەبباسی ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە پێشخستن و بڵاوبوونەوەی هزر و فیکری سیاسەت، لەنێو شارستانیەتی ئیسلامیدا .

٥- هەروەها دانراوەکانی سەردەمی عەبباسی ڕەنگدانەوەو گۆشەنیگای تێڕوانینی شارستانیەتی ئیسلامیە بۆ سیاسەت، چوونکە سەرجەم ئەو هزرڤان و بیریارانە هەرچەندە بۆچوونەکانیان لە شارستانیەتەکانی دیکە وەرگرتووە هەوڵیانداوە یان بۆچوونی خۆیان بخەنەڕوو یان لەگەڵ مەبەست و ماناکانی شەریعەتی ئیسلامیدا ئەو بۆچوون و تیۆرانەی وەریانگرتووە بیگونجێنن و بەمەش داهێنانێکی نوێیان کردووە و لێکدانەوەیان بۆبابەتی سیاسەت کردووە .

## پێڕستی سەرچاوەکان :

- **سەرچاوە ڕەسەنەکان (المصادر) :**


١. ابن أبي الربيع (شهاب الدين أحمد بن محمد : سلوك المالك في تدبير الممالك، مكتبة مسجد الأحمدي، (طنطا – مصر : ١٢٨٦هـ).

٢. ابن النديم : الفهرست، مطبعة دانشطاه، (ايران : د.س)

٣. ابن حزم الاندلسي : الفصل في الملل و الاهواء و النحل، دار التعارف، (بيروت : ١٩٨٣م).

٤. ابن رشد : فصل المقال و التقرير مابين الشريعة و الحكمة من الاتصال، تح.د.ابوعمران الشيخ و أحمد جلول البدوي، الشركة الوطنية للنشر و التوزيع، (الجزائر : ١٩٨٧م) .

٥. ابن سينا (أبو علي الحسين) : رسالة في السياسة، المطبعة الكاثوليكية، (بيروت : ١٩١١م)

٦. ابن سينا : الشفاء (الالهيات)، منشورات مكتبة آية الله العظمى المرعشي النجفي، (قم : ١٤٠٤هـ)

٧. ابن قيم الجوزية (محمد بن أبي بكر بن أيوب الزرعي) : الطرق الحكمية في السياسة الشرعية، تح.د.محمد جميل غازي، مطبعة المدني، (القاهرة : ١٩٦١م) .

٨. ابن منظور (جمال الدين محمد بن مكرم)، لسان العرب، دار المعارف، (بيروت : ٢٠٠٠م).

٩. ابو الحسن الاشعري : الابانة في اصول الديانة، تح.د.فوقية حسن محمود، دار الانصار، (مصر : ١٩٧٧م) .

١٠. أبو الحسن الأشعري : مقالات الاسلاميين، مكتبة النهضة، (القاهرة : ١٩٦٩م) .

١١. أبو نصر الفارابي : آراء اهل المدينة الفاضلة و مضاداتها، تح. د.علي بو ملحم، دار المكتبة الهلال، (بيروت : ١٩٩٥م)

١٢. الاسدي (محمد بن محمد بن خليل) : التيسير و الاعتبار و التحرير و الاختيار فيما يجب من حسن التدبير و التصرف، تح.د.عبدالقادر أحمد طليمات، دار الفكر العربي، (بيروت : ١٩٨٥.

١٣. أفلا طون : جمهورية أفلاطون : الكتاب السادس، تر.حنا خباز .

١٤. الجاحظ (بو عثمان عمرو بن بحر: تح.حسن السندوبي – ضمن رسائل الجاحظ – المكتبة التجارية الكبرى، (القاهرة : ١٩٣٣م).

١٥. الجاحظ : كتاب التاج في اخلاق الملوك، دار صعب، (بيروت : ١٩٧٠م) .

١٦. الحلي : رسالة كشف الفوائد، مجموعة الرسائل، منشورات آية الله العظمى المرعشي النجفي، (قم : ١٤٠٤هـ).

١٧. الدينوري (أبو عبدالله بن مسلم بن قتيبة : كتاب السلطان، (القاهرة : ١٣٢٤هـ).

١٨. الزمخشري (جار الله ابي القاسم محموود بن عمر) : أساس البلاغة، الهيئة المصرية العامة للطبع، ط١(القاهرة : ١٩٨٥م) .

١٩. الشهرستاني : الملل و النحل، مكتبة السلام العالمي، (القاهرة : ٢٠٠١م) .

٢٠. الطرطوشي (أبوبكر بن أيوب الفهري) : سراج الملوك، المطبعة الازهرية، (القاهرة : ١٣١٩هـ) .

٢١. الطوسي (ابو جعفر محمد بن حسن بن علي) : الفهرست، مؤسسة الوفاء، ط٣(بيروت :١٩٨٣) .

٢٢. الغزالي (أبو حامد) : فاتحة العلوم، مكتبة الجندي، (لبنان : ١٣٢٢هـ).

٢٣. الفارابي (أبو نصر) : السياسة المدينة (مبادئ الموجودات)، تح.د.فؤاد مترى نجار، المطبعة الكاثولكية، (بيروت : ١٩٦٤م).

٢٤. الفيروز آبادي (مجد الدين محمد بن يعقوب الشيرازي)، القاموس المحيط، (بيروت : ٢٠٠٤م) .

٢٥. الماوردي (أبو الحسن)، الأحكام السلطانية و الولايات الدينية، دار الكتاب العربي، (بيروت : ١٩٨٨م).

- سەرچاوە نوێیەکان (المراجع) :

٢٦. ابو الاعلى المودودي : الخلافة و الملك، ترجمة.أحمد ادريش، دار القلم، (الكويت : ١٩٧٨م) .

٢٧. احمد امين : ضحى الاسلام،مطبعة النهضة المصرية، (القاهرة : ١٩٦٨م)،

٢٨. اروين روزنتال : دور الدولة في الاسلام، مجلة الاجتهاد، عدد٢، سنة ٣، ١٩٩١م.

٢٩. جان توشا : تاريخ الفكر السياسي، ترجمة . د.علي مقلد، منشورات دار الاستلال، (بيروت : ٢٠٠١م).

٣٠. د.محمد جلال ابو الفتوح شرف و د.علي عبدالمعطي محمد : الفكر السياسي في الاسلام، دار

٣١. عبدالحميد الكتاني : نظام الحكومة النبوية، دار الكتاب، (بيروت : ٢٠٣م).

٣٢. د.محمد جلال ابو الفتوح شرف و د.علي عبدالمعطي محمد : الفكر السياسي في الاسلام، دار المعرفة الجامعية، (الاسكندرية : ١٩٨٧م).


## الملخص


يتم الحديث عن السياسة في الكثير من المؤلفات التاريخية والفكرية والفلسفية واللغوية والفقهية وحتى في موضوعات الرسائل النصائحية التي ابداها المفكرون و الفلاسفة للحكام على مر تاريخ الحضارة الاسلامية .

وهذا الامر يشير الى ان المفكرين و الفلاسفة المسلمين ادركوا أهمية السياسة في توجيه الناس الى الصواب ودفع السلطة الى تجنب السياسات الخاطئة، ومن هنا يأتي أهمية موضوع بحثنا هذا المعنون (السياسة و الفكر السياسي في التراث المعرفي للحضارة الاسلامية في العصر العباسي) كونه يعالج موضوع ذو أهمية كبيرة له تأثير على مجمل جوانب الحياة، حيث يتم دراسة الفكر السياسي في الاسلام وانعكاس ذلك في مؤلفات مفكريه و فلاسفته وكذلك اظهار دور مفكري الاسلام في اطروحاتهم السياسية تجاه السلطة والحاكم والشعب بشكل عام، وهو موضوع لم ياخذ حقه من البحث العلمي، بحيث يتصور المرء بان المفكرين المسلمين تجنبوا الخوض في موضوع السياسة وان الحضارة الاسلامية لم يكن لها اي دور في هذا المجال .

قسم البحث الى بابين : في الباب الاول تناولنا كلمة السياسة لدى المعجميين واللغويين في الحضارة الاسلامية من حيث اللغة والاصطلاح وحاولنا ان نحلل مفهوم السياسة لدى مفكري الاسلام واظهار مدى تأثرهم بمفكري اليونان وكذلك اظهرنا أوجه الاختلاف في النظرة الفكرية لفهم السياسة عن رؤية مفكري الحضارات الاخرى و بالاخص مفكري الحضارة اليونانية، ويظهر البحث مدى تأثر المفكرين الاسلاميين بالحضارة اليونانية و نقلهم علوم تلك الحضارة الى الحضارة الاسلامية، وبيننا بالبراهين بان الفكر السياسي في الاسلام تميز بطابعه الخاص.

خصص الباب الثاني من البحث في اظهار مدى تاثير السياسة على المفكرين ودورهم في المجتمع من بداية العصر العباسي وحتى اواخر حكم المماليك، وقد حاولنا ان نحلل المفاهيم السياسية في عصر الخلافة العباسية و ربطنا الاختلاف الفكري بنشأة الخلافات السياسية في تاريخ الاسلام وانعكاساته في العصر العباسي، كما حاولنا ان نأخذ امثلة من المؤلفات الاسلامية المختلفة، على سبيل المثال تم التطرق الى الموضوعات السياسية لدى مؤلفي الفرق الاسلامية و عند الكلاميين و حتى عند الفقهاء الذي شغلوا بموضوع الإمامة، كما تم التطرق الى موضوع السياسة لدى فلاسفة الاسلام وبيان مدى تاثرهم بالفكر الفلسفي اليوناني (أرسطو و أفلاطون)، وكذلك اختلافهم في فهم السياسة لان الفلاسفة المسلمين حاولوا ان يربطوا المواضيع السياسية بالشريعة الاسلامية .

**Abstract**

In many historical, intellectual, philosophical, linguistic and *fiqh* compositions politics has been touched upon. Even in the advisory letters thinkers and philosophers addressed to governors along the history of the Islamic civilization politics was one of the main topics.

This points out to the fact that Moslim philosophers and thinkers have realized the importance of politics and its role in directing people to the right path and pushing the authority away from wrong politics. Hence the significance of this article which title is “Politics and political thought in the knowledge heritage of the Islamic civilization in the Abbasid period,” which treats an important topic that affects different aspects of life. Here, the political thought in Islam is studied as reflected in the intellectual compositions of its philosophers, as well as revealing the role of Islamic thinkers according to their political approaches in relation to the authorities, the governors and the people in general. This topic was not adequately studied, therefore, some think that the Moslim thinkers have avoided political subjects and that the Islamic civilization has never had a role in this respect.

The article is divided into two parts: in the first one, the word ‘politics’ is studied as explained by lexicographers and linguists of the Islamic civilization from the linguistic and terminological point of view. An attempt has been done to explain the concept of politics according to Moslim thinkers and reveal the degree of the Greek thought that influenced them. The differences in the ideal insights to politics from the insights of other civilizations, particularly the Greeks has been shown. The article also shows how Moslim thinkers were influenced by Greeks, and how they transformed the Greek sciences to the Islamic civilization. We have shown as well, that political thought in Islam has its distinguishing peculiarities.

The second part is devoted to show the degree politics influenced thinkers and their role in the society, from the beginning of the Abbasid to the end of the *Mamlūk* periods. An attempt has been done to explain the political conceptions during the Abbasid period and we have linked the ideal conflicts to the emergence of political conflicts in the Islamic history and its reflections in the Abbasid period. We have tried as well to take examples from different Islamic writings, for instance the political themes of the writers of the different political groups and of the *kalāmī*s and even of the *faqīh*s occupied by Imāmship subject. Politics by Moslim philosophers has also been touched upon in addition to the impact of the Greek philosophical thought that influenced them (Aristotle and Plato). The differences between the two parties raising from the fact that Moslim philosophers have tried to link political subjects to the Islamic *shari’a*, has also been shown.